www.kurdistannet.org
23-6-2007 13:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هاتوچۆی سلێمانی ئاشی نەزانە و خوا دەیگێڕی ... کاوە مەردان

دیارە من زۆر ڕێزو حورمەتم هەیە بۆ تەواوی ئەفسەر و کارمەندەکانی هاتوچۆی سلێمانی کە هەوڵ دەدەن سیستەمی هاتوچۆی شارە خۆشەویستەکەمان ڕێکبخەن، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم هەوڵ و ماندوو بوونەیان ئەگەر کەمتەرخەمیشی تیا بێت بەهیچ جۆرێك نایگەڕێنمەوە بۆ
بەرپرسەکانی هاتوچۆ.. لەبەر ئەوەی ئەوان هەرگیز وەکو پێویست لەئاستی بەرپرسێتیدا نەبوون، ئەگەر گەشتێکی سەرپێی بەناو شەقام و ڕێگاوبانەکانی سلێمانیدا بکەیت هەر زوو ڕاست و دروستی ئەم بۆچونەت بۆ دەردەکەوێت، من حەز دەکەم بەرپرسانی هاتوچۆ بابەتەکەی ئازادی کاك مستەفا بخوێننەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوی دا ژمارە 4299 لە 2007/6/20 دا پەڕەی نۆیەم و بزانن چۆن باس لەڕەوشی بەردەرکی سەرا و مزگەوتی گەورە دەکات.. ئێواران ئەم ناوچانە لەگەڵ یەکتربڕەکەی گەڕەکی ئازادی سەرو عەلوەکە زیاتر لە وڵاتێکی وەك ئەفغانستان دەچێت وەك لەسلێمانی.. مەفرەزەکانی هاتوچۆ لەجیاتی ئەوەی لە گەڕەك و شەقامە چۆڵەکاندا کوڕانە بکەن بۆچی نایەنە ئەم ناوچانەو سیستەمی هاتوچۆی تیا ڕێکناخەن.. ئەم شوێنانە و زۆر شوێنی تری سلێمانی لەسایەیی کەمتەرخەمی دەزگای هاتوچۆی سلێمانی بەکەڵکی پیادەکانیش نەماوە پێیدا گوزەر بکەن نەخوازە ئوتومبیل، هەربۆیە هەمیشە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەواڵی دڵتەزێنی ڕووداوە خوێناوییەکانی هاتوچۆ دەبیستین، بەڵی بەڕێوبەری گشتی هاتوچۆ هەمووی دوو مانگ نابی مۆڵەتی مانگێکی وەرگرت وا چەند ڕۆژێکە مۆڵەتی مانگێکی تری وەرگرتۆتەوە و بۆ وەرگرتنی مووچەی بەلەدییەکەی سویدی گەڕاوەتەوە بۆ ئەوروپا بەدوو ئەفسەری ئیفادکراوی بۆ سوید ووتووە من لەوی چاوەڕێتان دەکەم کە بێگومان هەڵبژاردەی ئاین و ئۆینی خۆین!!! من نازانم کە ئەوەندە پەیوەستی هەندەرانە و دەستبەرداری نابێت بۆ واز لێرە ناهێنی بۆ کەسی کەتەنها ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی خۆمانی هەبێت و دڵسۆز بێت، بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی لەوانەیە بتوانی گەندەڵییەکانی کڕینی ماتۆڕ و دەلالەکانی مراندنی ئوتومبیل و بەشی مۆڵەت لەهاوڵاتیان بشارێتەوە و دیزەبەدەرخونەی بکات کە پێشتر بەبەڵگەوە لەم مینبەرەوە پەخش کرا، بەڵام بادڵنیابێت گەندەڵی و بێسەروبەرەیی شەقام و ڕێگاوبانەکانی سلێمانی کە ڕۆژانە لەبەرچاوماندایە و پێوەی دەناڵێنین لای هەمووان ئاشکرایە و لەکەس ناشاردرێتەوە، بەڕاستی کاتی ئەوەش هاتووە ئەم بەرپرسانەی هاتوچۆی سلێمانی بەوویژدانەوە کارو فەرمانەکانی خۆیان هەڵبسەنگێنن و بەرژەوەندی خەڵکی بێدەسەلات لەبەر چاو بگرن... لەگەڵ ڕێزمدا..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.